# تیڕوانینی دووەم لەسەر بازاڕ و بەرهەم ..

موحەمەد جەزا بەرزنجی
jazahossain@zonnet.nl

چەندو چونێکی ناویَ کێشە و ململانیَ له هەر کوێیەك بێت گۆڕانکاری دەسازێنن، هەر دروستاندنێکی لاوازیش بکرێتە پەرژین و پاساوی هەڵە و کەم وکوریەکان گەندەڵیەکە تا بێت خراپ تر و زامەکان قوڵتر و تێگیشتنەکان لەیەك دوردەخاتەوە و دەبنە ناكۆكی دوو شتی لێك نەچوو.

بە پێی گوزارشتە نادروستەکانی دەم درۆستاندنەکان.. رەوشی باشوری کوردستان دەبنە **3** بەش یان **3** قۆناغ : دروستاندن بۆ پاساو هێنانەوەی زەمەنی پاش راپەرین بە بەهانەی حکومەت ساوایە..! پاشتر ئۆباڵی تەنگژە و کەم و کورت هێنان لە جێبەجێکردنی داواو پێداویستیەکانی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان نرایە گەردنی شەڕی نێو خۆ، دوا دروستاندن هێنانەوە بۆ ماوەی دوای زەمەنی روخانی رژێمی سەدامی دیکتاتور دەگەڕێتەوە بەو بەهانەیەی پرۆژەکان زۆرن و هێشتا نەکەوتونەتە بەرهەم و کەمو کورتیەکانیش دەرهاویشتەی تەواونەبونی پرۆژە جوراوجۆرەکانە , میللەتیش هەر ئەوە دەزانێت **14** ساڵە راپەرین بووە و کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات و گەر پەرۆش بونی هەمە لایەنە هەبوایە گۆڕانکاری زۆر ڕوی دەدا، چاوی میللەت زۆر لە پڕۆژەکان دەبینێت و دەبیستیَ بەلأم لە رەوتێکی سست و ناچالاکانەدا، لە بەرامبەریشیاندا زۆر لە پڕۆژەکانی کۆشك و تەلار و بیناسازی دەبینێت وەك قارچکی دەم بروسکەی بەهاران هەڵدەتۆقێن ، وەلیَ پرسیار لە دوی پڕۆژە کشت و کاڵی و پیشەسازی و بازرگانیەکان و خزمەتگوزاریەکاندایە، دیارە لە رێچکەی ئابوری و بازاڕی ئازادا کەرتی تایبەت بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ و لەمەیاندا زۆرداریە بە تەنیا حکومەت تاوانبار کردن، وەلیَ کەرتی تایبەت خۆی لە خودی خۆیەوە چ چالاکیەك ناتوانێت ئەنجام بدات گەر یاسا و سیستەم و بوارخۆشکردنێك نەبێت بۆ دڵنیایی کارکردن ، ئەم رۆڵەش بە تەنیا حکومەت و دام و دەزگاکانی دەتوانن بیبینن ، گومانێك لەسەر ئەوە نیە کۆمەڵگەی کوردەواری خاوەنی جۆرەها و زۆرەها کادێر و پسپۆڕی بە نوانایە چ لە دەزگاکاندا یان دەرەوەیدا و خەڵكێکی پڕ پەرۆشیش هەنە ئارەزومەند و خوازیاری گۆڕانکاری و پێشەوە چوونی رەوشەکەن ، ئەی دەبێت کێشەکەکە لە کوێدا بێت..!؟ دەکریَ لە بەرنامە یا دەسەلأتداریەتی‌دا بێت ، دەشکرێت لە نەبوونی هەمئاهەنگی هەموو ئامرازەکانەوە بێت ، یا رەوتی بارودۆخەکە بە کەیف و ئارەزوی جۆرێك لە کەڵەکە کردنی سەرمایەوە بێت کە پڕکێشی لە خستنەوەگەڕیدا نەبێت لەبەر :

**1**_ ترسی لێپرسینەوە لە سەرچاوەکانی کەڵەکە بوونی سەرمایە لای هەندێك .

**2**– دڵنیا نەبوون لە لەدەست نەچوونی سەرمایەکەی .

**3**– بەرگە نەگرتنی بازاڕی مۆنۆپۆڵی .

**4**– نەبوونی کۆمپای دڵنیاکردن .

**5**– یاریکردنی نرخی دراو .

**6**– نەبوونی هۆشمەندی بەتایبەت پیشەسازی و لە بەرامبەریشیدا نەبوونی هاندان و کارئاسانی بۆ هەموان .

بۆ هەموو ئەمانەش دەزگاکانی پلان دانان و بەڕێوەبردن رۆڵی تەواو دەگێرن و وەزیرێك و بەڕێوەبەرێك رۆڵیان دەبێت .. کارمەندێکی وریا رۆڵدەگێریَ کە پشتگیری و پشتیوانی سەرو خۆی لەگەڵدا بێت ، پێم وانیە هیچ بەرنامەیەك نەبیَ لو ئارادا وەلیَ سستی یان بوار خۆشنەکردن پرسی پەردەپۆشی بەرنامە یا ئایندەیەکی نادیار دێنێتە ئاراوە..! سەرمایە لە دوی سود دەگەڕیَ سودیش بە تەنیا لە موڵك و ئاڵتوندا نیە لە بەگەڕحستنی سەرمایەدایە بەگەڕخستنی سەرمایەش لە دڵنیا بونێك دەگەڕیَ بڕیاری دەسەلأتداریَ یا دەسەلأتدارانی خاوەن بەرژەوەند و سەرمایەدار بە دەردی خاوەن کارگەکانی ( کەتان ) یان نەبات و مایە پووژچ دەربچیَ، کاتی خۆی لە ئینگلتەرە دەسەلأتدارانی سەرمایەدار بڕیارێکیان دەرکرد مردوو دەبێت قوماشی خوری بۆ بکریَ بە کفن ئەمەش بە تەنیا بۆ بەرژەوەندی خاوەن کارگەکانی (خوری) بوو ، بووە زیانێکی گەورەش لە خاوەن کارگەکانی ( کەتان ) .

بەگەڕنەخستنی سەرمایەش نا هۆشمەندی زۆرجار رۆڵێك دەگێڕیَ سەرمایە لەناو دەبات، ئەو زەمەنەی رژێمی بەعس کەوتە راگوێزانی لادێکان و خڕکردنەوەیان لە ئۆردوگا زۆرە ملیەکاندا و پێدانی ( تەعویز ) بە مەبەستی خاپورکردنی ئەو ناوچانەی ببونە پشت و پەنای شۆڕش و پێشمەرگە ، بە سەرێکیش دەیانویست جوتیار لە کەسێکی ئیشکەری بەرهەمهێنەرەوە بکەنە ئیشنەکەرێکی خاوەن

پارە، ( کاك کەمال – کۆیی ) ئەو دەم ئەندازیار بوو بە پلەی پسپۆڕی نەوت لە یەکیەتی پیشەسازیکانی بەغدا، هاتە سلێمانی و قسەمان لەسەر رەوشی ئەو خەڵکانە کرد کە ( تەعویزیان ) وەرگرتبوو بەڵکو بە جۆرێك هانیان بدەین لەبەرەوە پارەکە خەرج نەکەن و توشی جۆرێك لە تەمبەڵی ببن و ئاسەوارێکی نەگەتیڤی تری لێبکوێتەوە، بە ناوی کاری پیشە دەستیەکانەوە سەردانی چەندین ئۆردوگای زۆرە ملیمان کرد و هانمان دان پارەکانیان بخەنە گەڕ ، کاك کەمالیش بۆخۆی پەیمانی زۆ رکار ئاسانی دانێ ، بەهۆی ئەوەی هۆشمەندی پیشەسازیان کەم بوو کەمیان بەدەنگ کارەکەوە هاتن، دەرئەنجام لای زۆربەیان پارە کەم بۆوە یان نەما و فێری بێکاریش بوون، رژێم جارێکی تر بۆ لێدان و فشار لەسەر شۆڕش بواری( فەوجی خەفیفە ) ی کردەوە و پارەیەکی تری بۆ هەڵڕشتن بێ لێپرسینەوە، پارەی ( خەفیفە ) پارەی تەمبەڵی بێ ماندوو بوون بوو، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر کەوتنە خۆنانوسکردن بۆ ئەو پارە مۆڵە ، سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو خەڵکەش سیستەمی دەرەبەگی بوو ئاغا یان شێخ فەوجی بکردایەتەوە رەعیەت زۆری خۆی ناونوس دەکرد، پێم وانیە هەموو تاکەکانی ئەفواج خەفیفە دژ بە شۆرش بوو بن ، بەلکو لە پێناوی دەستکەوتەکەدا بوو، ئەم قسەیەش رێ لەوە ناگرێت خەڵکانێکیش هەبوون بۆ دەستکەوتی زیاتر کەوتنە دڵسۆزی بۆ رژێم و کاری دژە شۆڕش و میللەت و مۆری خیانەتکاریان نا بە تەوێڵی خۆیانەوە .

وەلێ ئیستا رەوشەکە جۆرێکی ترە و پارە لە زۆر بوون و کەڵکە بوندایە جا ئیتر سەرچاوەکەی هەر چیەك بێت ..! بە شێوەیەکی رێژەیی کەوتۆتە دەست بەشێك لە تاکەکان ، ماوەتەوە سەر ئەوەی چۆن بەگەڕ بخرێت و چۆن هاندان و زەمینەی بۆ خۆش بکرێت..؟